Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# گازی هەرێمی کوردستان لەکوێی نەخشەی جیهانی وزەدایە؟

ئامادەکردن لەلایەن:

**ڤیژن پرێس**

**ئاداری ٢٠٢٦**


Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org

+964 772 330 0005

# گازی هەرێمی کوردستان لەکوێینەخشەی جیهانی وزەدایە؟

ئەو گازە سروشتییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، گەورەترین پشکی هەیە لە کۆی گازی عێراق، لە سێ پارێگای هەرێمدا نزیکەی دوو هێندەی کۆی ناوچەکانی دیکەی عێراق گازی سروشتیی هەیە.
هەرێمی کوردستان خاوەنی پێنج تریلیۆن و 700 ملیار مەتر سێجا گازی سروشتییە، ئەو قەبارەیە بگۆڕین بۆ پێ سێجا دەکاتە ٢٠١ تریلیۆن پێ سێجا، لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان بە بەرهەمهێنانی نەوت و هەناردەکردنی چووەتە بازاڕی وزەی جیهانەوە، بەڵام ئەوەی بایەخێکی گەورەی بە پێگەی هەرێم داوە لە بۆرسەی وزەی جیهاندا، ئەو بڕە زۆرەی گازی سروشتییە کە لەژێر خاکەکەیدایە.
ئەمە لەکاتێکدایە لەئێستادا کەرتی وزەی ناوچەکە بەگشتی بەهۆی دۆخی جەنگەوە تووشی گرفت بووە، لەماوەکانی رابردوودا هەناردەی گازی ئێرانی بۆعێراق بۆ ماوەیەک راگیرا. بۆیە گرنگە لە هەرێمی کوردستان پەرە بە زیادکردنی بەرهەمهێنانی گاز لە کێڵگەکان و بەتایبەت لە کێڵگەی کۆرمۆر بدرێت.

## بەکارهێنانی گازی سروشتی لە جیهاندا

بەکارهێنانی گازی سروشتی لە جیهاندا بە شێوازێکی خێرا لە زیادبووندایە، بە شێوەیەك لە ساڵی 2012دا بڕی 120 تریلیۆن پێ سێ جای لێ بەکارهاتووە، بەڵام ئەم ژمارەیە بۆ نزیکەی 203 ترلیۆن پێ سێ جا زیاد دەکات لە ساڵی 2040دا. بەکارهێنانی گازی سروشتی بۆ مەبەستی پیشەسازی (1.7%) زیاد دەکات لە ساڵێکدا، بەڵام ئەم ژمارەیە بۆ کارەبا دەگاتە (2.2%)، بە جۆرێك (73%)ی بەکارهێنانی گازی سروشتی بە مەبەستی پیشەسازی و بەرهەمهینانی کارەبا دەبێت لە ساڵی 2040-دا.

لە ساڵی 2018 لە کۆی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزە لە جیهاندا، بەکارهێنانی گازی سروشتی بە ڕێژەی 24% و بەکارهێنانی خەڵووزی بەردین بە ڕێژەی 27% و بەکارهێنانی نەوت بە ڕێژەی 34% بووە. زۆربەی ئەو گازە سروشتییەش بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بووە بە ڕێژەی 34% و بۆ سێکتەری پیشەسازی بە ڕێژەی 31.3%، بەکارهێنانی لە سێکتەری نیشتەجێبووندا بە ڕێژەی 20.7% و بە مەبەستی بازرگانی بە ڕێژەی 13.8% و بۆ بەگەڕخستنی ئامێرەکان بە ڕێژەی 0.15% بوو.

## گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان

کۆی یەدەگی گازی سروشتیی جیهان بەنزیکەیی هەزار و ٤١٦ تریلیۆن پێ سێجایە، تەنها رووسیا، ئێران و قەتەر نیوەی یەدەگی گۆی زەوی پێکدەهێنێن، هەرێمی کوردستانیش خاوەندارێتیی ٣٪ی یەدەگی گازی جیهان دەکات. لە هەرێمی کوردستان ١٠ کێڵگەی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی هەیە، کە جگە لە دابینکردنی بەشێکی پێداویستی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و پیداویستی ناوخۆیی گاز، هیچ بڕێکی لێ هەناردە ناکرێتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

یەکێک لەو ڕێگایانەی کە دەکرێت هەرێم بکات بە بەشێک لە جوڵەی بازاڕی گاز لە جیهاندا، هەناردەکردنییەتی بۆ تورکیا و وڵاتانی ئەوروپا، لە داهاتوودا کوردستان دەتوانێت پردی بەیەکگەیشتن و دابینکردنی گازی سروشتی بێت بۆ تورکیا و وڵاتانی ئەوروپا، چونکە ئەم هەرێمە خاوەنی نزیکەی 5 تریلیۆن و 67 ملیار مەتر سێجا گازی سروشتییە و ئەم سەرچاوەیەی وزە زۆر لە نەوت گرنگترە و خواستی بەکاربەرانی سەرچاوەکانی وزەی زۆر زیاترە بەراورد بە نەوت بەتایبەتی لەلایەن ئەورووپاوە. کوردستان دەبووایە لە ساڵی 2020 دەستی بکردایە بە هەناردەکردنی گازی سروشتی و بەپێی ئەو پلانەی کە هەبوو؛ بیتوانیایە 6%ی گازی سروشتیی ئەورووپا دابین بکات، چونکە کۆمپانیای ڕۆسنەفت دەڵێت: ساڵی 2020 گازی کوردستان دەگەیەنینە بازاڕەکانی ئەورووپا، دوای ئەوەی بۆریی گواستنەوەی گاز لەنێوان کوردستان و تورکیا دروست دەکرێت، ئەو بۆرییە توانای گواستنەوەی ساڵانەی بریتییە لە 30 ملیار مەتر سێجا. بەڵام هەرێمی کوردستان تا ئێستا نەیتوانیوە ئەم کارە ئەنجامبدات و خەونی ناردنە دەرەوی گاز بۆ وڵاتانی جیهان بکات بە راستی.

لەم ڕوانگەیەوە کوردستان لە ڕووی جوگرافیای سیاسی و جوگرافیای وزەوە گرنگتر و بەبایەختر دەبێت، تا ڕادەیەکی زۆر دەبێتە بەدیلی دابینکردنی وزە بۆ ئەورووپا و تورکیا، چونکە هەموو جیهان خاوەنی نزیکەی 187 ترلیۆن و 300 میلیارد مەتر سێجا گازی سروشتییە. کوردستان بەو ڕێژەیە دەچێتە ڕیزبەندیی نۆیەمین گەورەترین وڵاتی خاوەن یەدەکی گازی سروشتی و لەدوای ڤەنزوێلا کە خاوەنی نزیکەی 5 ترلیۆن و 724 ملیار و 500 ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتییە، دەکەوێتە پێش نەیجیریا کە خاوەنی نزیکەی 5 ترلیۆن و 100 ملیار مەتر سێجا گازی سروشتییە. بەڵام لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نییە، لەریزبەندییەکاندا بوونی نیە، سەرچاوە نێو دەوڵەتیەکان ئاماژە بەوە دەکەن هەرێمی کوردستان خاوەنی بەو یەدەکە غازەی هەیەتی، پێش وڵاتی نەیجیریا دەکەوێت و ریزبەندی نۆیەم وەر دەگرێت.

## کۆرمۆر گەورەترین ناوەندی بەرهەمهێنانی گاز لە عێراق

کێڵگەی گازی کۆرمۆر دەکەوێتە ناحیەی قادر کەرەم لە قەزای چەمچەماڵی سەربە پارێزگای سلێمانی، کۆرمۆر گەورەترین کێڵگەی بەرهەمهێنانی گازی سروشتییە لە هەرێمی کوردستان و عێراق.

کێڵگەی گازی کۆرمۆر لە ساڵی 1928 دۆزراوەتەوە و تا ساڵی 2003 بە "کێڵگەی ئەنفال" ناسرابوو. لە دوای ساڵی 2003ەوە ئەم کێڵگەیە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندایە. ڕووبەری کێڵگەکە بە نزیکەی 135 کیلۆمەتر چوارگۆشە مەزندە دەکرێت و یەدەگی غازی سروشتییەکەی دەگاتە نزیکەی 17 تریلیۆن پێی سێجا.

کێڵگەی کۆرمۆر گرنگترین ناوەندی بەرهەمهێنانی گازە لە هەرێمی کوردستان، تاوەکو ساڵی ٢٠٢٢ بڕی یەدەگی گازی کێڵگەکە ٨ تریلیۆن و ٢٠٠ ملیار پێ سێجا بووە، توانای بەرهەمهێنانی گازی سروشتیی رۆژانەی کۆرمۆر ٤٥٢ ملیۆن پێ سێجا بووە، بەرهەمهێنانی رۆژانەی گازی قورس ٢٢ هەزار بەرمیل بووە و گازی شلیش هەزار و ٥٠ تۆن.

## فراوانكردنی كۆرمۆر و بەرزكردنەوەی تواناكانی

لە ئێستادا دوای ئەوەی پرۆژەی "كۆرمۆر ٢٥٠" یان "KM250" تەواوبوو، كە پرۆژەیەكبوو بۆ فراوانكردنی كێڵگەكە، توانای بەرهەمهێنانی گازی كۆرمۆر زیاتر ٥٠٪ زیادیكرد.

كێڵگەی گازی كۆرمۆر ئێستا لە رۆژێكدا توانای بەرهەمهێنانی ٧٥٠ ملیۆن پێ سێجا گازی سروشتی هەیە، جگە لە گازی سروشتی كێڵگەكە رۆژانە ١٥.٢٠٠ بەرمیل كۆندێندیت (جۆرێكی سوكی نەوت) بەرهەمدەهێنێت و بەرهەمی رۆژانەی گازی شلیش (LPG) دەگاتە هەزار و ٧٠ پێ سێجا.

## گرنگیی كێڵگەی كۆرمۆر

كێڵگەی گازی كۆرمۆر بە شادەماری بەرهەمهێنانی كارەبا لە هەرێمی كوردستان دادەنرێت، بەجۆرێک هەر زیانێک بەر كێڵگەكە بكەوێت هەرێمی كوردستان لەڕووی بەرهەمهێنانی كارەباوە نیمچە ئیفلیج دەكات، بەپێی داتا شیكارییەكانی S&P GLOBAL، كێڵگەكە تاوەكو ساڵی ٢٠٢٢ سەرچاوەی بەرهەمهێنانی زیاتر ٧٥٪ی كارەبای هەرێمی كوردستان بووە، وەزارەتی كارەبای هەرێمیش باس لەوە دەكات كە بەرلە كۆتا هێرشی چەند ڕۆژی رابردوو رۆژانە نزیكەی ٥٣٠ ملیۆن پێ سێجا گازی هەناردەی ١٥ وێستگەی كارەبا كردووە.

لەدوای فراوانكردنی تواناكانی كێڵگەكە لە ئازاری ٢٠٢٥دا دانە گاز رایگەیاند، كە توانای بەرهەمهێنانی رۆژانەی كۆرمۆر گەیشتووەتە ٧٥٠ ملیۆن پێ سێجا ئەمەش ژمارەیەكی پێوانەییە بۆ كۆرمۆر و هەرێمی كوردستان و تەنانەت عێراقیش.

## رۆڵی كۆرمۆر لە پڕكردنەوەی وزەی هەرێمی كوردستاندا

بەپێی وەزارەتی سامانە سروشتییەكان و كارەبای هەرێمی كوردستان، لە پلانی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا بووە كە لە كەمتر لە ماوەی دوو ساڵدا پشتبەستن بە گازی سروشتی بۆ بەرهەمهێنانی كارەبا بگەیەنرێتە ١٠٠٪، لە كاتێكدا ئێستا بە نزیكەیی ٨٠٪ی كارەبای هەرێمی كوردستان پشت بە كۆرمۆر دەبەستێت و ٤ هەزار و ٨٠٠ مێگاوات كارەبا بەرهەمدەهێنێت، لەو بڕە ٢٨٠٠ مێگاواتی بۆ پارێزگاكانی هەرێمی كوردستانە و ٢٠٠٠ مێگاواتیش بۆ پارێزگاكانی كەركوک و نەینەوایە.

سەرەڕای ئەوەش كێڵگەی كۆرمۆر زیاتر لە هەزار تۆن گازی شل بەرهەمدەهێنێت و رەوانەی كارگەكانی دروستكردنی غازی ماڵانی دەكات، لەم ڕووەوە هەرێمی كوردستان گەیشتووە بە خۆبژێوی. سەرباری ئەوانەش كێڵگەی گازی كۆرمۆر جۆرێک لە نەوتی سوک (كۆندێنسیت) بەبڕی ٣٥ هەزار بەرمیلی رۆژانە بەرهەمدەهێنێت.

## بۆچی کۆرمۆر؟

حکومەتی عێراقی دەستیکردووە بە هەوڵەکانی بۆ دەستگرتن بەسەر کەرتی گاز و بەرهەمهێنانی گازدا، شارەزایانی ئەمنی و ئابووری باس لەوەدەکەن کە سەرەڕای ناوخۆی عێراق، پاڵنەری ناوچەیی هەیە لەناو وڵاتانی دراوسێ بۆئەوەی رێگری بکرێت لە بەرفراوانبوونی خواستەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەناردەکردنی گازی هەرێم بۆ دەرەوە. ئەمە سەرباری ئەو هەوڵ و هەنگاوانەیە کە هەن بۆ ئەوەی لە غیاب و نەبوونی گازی رووسیا لەدوای جەنگی روسیا-ئۆکراینا، هەرێمی کوردستان ببێتە خانەخوێیەکی شوێنگرەوە بۆ پڕکردنەوەی خواست و پێویستییەکانی وڵاتانی ئەوروپا بۆ گاز، ئەمەش نیگەرانیی لەسەر ئاستی حکومەتی عێراق و وڵاتانی ناوچەکەش دروستکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی عێراق چاوی لەوەیە کە سەرباری هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی کەرکوک و نەینەوا، کێڵگەکە بکاتە سەرچاوەیەک بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە ناوەڕاست و باشووریش، هەروەها لە سەرتاسەری عێراقدا خۆبژێوی لە گازدا بەدەستبهێنێت. لەڕوویەکی ترەوە عێراق چاوی لەوەیە کە دەتوانێت لەڕێگەی کۆرمۆرەوە دەستبەرداری هاوردەکردنی گاز لە وڵاتانی دەرەوە و بەتایبەت ئیران دەبێت و هەنگاوێکی گەورە لەڕووی ئابوورییەوە دەچێتە پێشەوە.

هەناردەکردنی غازی هەرێمی کوردستان لەگەڵئەوەی دەبێتە پاڵپشتی و هەمەجۆری سەرچاوەی غاز بۆ ئەوروپا لەکاتێکدا رووسیا ونە لەمڕووەوە، بەڵام هەریەکە لە وڵاتانی ئێران و روسیا و عێراقیش دژی ئەوەن هەرێمی کوردستان وەکو بەشێک لە عێراق لەم قۆناغەدا ببێتە بەشێک لەم کێشمە کێشمە ئاڵۆزەی بازاڕی وزە لە جیاندا. تەنیا ئەوە نییە بەڵکو رەهەندێکی دیکەی دژایەتیکردنی بەجیهانیکردنی بازاڕی وزەی هەرێمی کوردستان پەیوەستە بە نارەزایی ئێران و روسیا بەرامبەر جێگرتنەوەی هەرێمی کوردستان بۆ غازی ئەو دوو وڵاتە و لاوازکردنی رۆڵ و کارتەکانی بندەستیان. پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند جارێک ئەوەی ئاشکراکردووە کە مەبەستیانە و سوورن لەسەر ئەوەی پەرە بە وزەی هەرێمی کوردستان بدەن و گاز بگەیەننە بازاڕی جیهانی و بۆ ئەمەش دەرفەتی گەورەیان لەبەردەستدایە، ئەم لێدوانانە چ لەسەر ئاستی ناوخۆ ناکۆکی دروستکرد، چ لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و تەنانەت جیهانیش. دەکرێت لێکدانەوەکان بۆ هەناردەکردنی گازی هەرێمی کوردستان چەند رەهەندێکی هەبێت، بەڵام گرنگترینیان رەهەندە ئابوورییەکەیە کە وادەکات هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی ببێتە جێی بایەخی وڵاتانی جیهان و گرنگیی جیۆسیاسی لە ناوەندی عێراقەوە بگوازێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمەش چەندە بۆ هەرێمی کوردستان بایەخی گەورەی هەیە، لەبەرامبەردا بۆ عێراق و بەشێک لە وڵاتانی ناوچەکە مەترسییەکی گەورەترە، سەرباری ئەوەی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان پتەو دەکات و پشتبەخۆبەستنی هەرێم لەڕووی ئابوورییەوە دەکرێت هەنگاوێکی گەورە بچێتە پێشەوە.

دەستبردنی هەرێمی کوردستان بۆ هەناردەی گاز بە ئاراستەی وڵاتانی ئەوروپا تاکە پاڵنەری ئەو کاردانەوانە نین، بەڵکو خۆبژێوی هەرێم لەڕووی گازی شل، بەرهەمهێنانی کارەبا، سەرەڕای ئەوانەش هەڵکەوتەی جیۆگرافی کۆرمۆر کە دەکەوێتە نزیک ئەو ناوچانەی بە ناوچە جێناکۆکەکان ناودەبرێن، هەروەها پێشتر کێڵگەکە سەربە شارۆچکەی دوزخورماتووی سەر بە پارێزگای سەڵاحەدین بووە، دواتر گواستنەوەی ناحیەی قادر کەرەم کە ناوچەی هەڵکەوتەی کێڵگەی کۆرمۆرە بۆ سەر قەزای چەمچەماڵی سەربە پارێزگای سلێمانی، ئەمەش بەشێکە لە کێشمە کێشمەکانی عێراق سەبارەت بە کۆرمۆر.

## هێرشەکانی سەر کێڵگەی کۆرمۆر لە مێژووی نزیکدا

لەگەڵ گەشەکردن و دەستپێکردنی وەبەرهێنان لە کێڵگەی کۆرمۆر کە ئێستا کۆمپانیای دانە غازی ئیماراتی سەرپەرشتی دەکات، هێرش بۆ سەر کێڵگەکە دەستیپێکرد، هەندێک لە هێرشەکان پوچەڵدەکرانەوە و هەندێکیان بە زیانی کەم و هەندێک جاریش بە زیانی گەورەی ماددی و تەنانەت گیانیش کۆتاییدەهات. تا ئێستا کێڵگەی گازی کۆرمۆر ١١ جار بە هێرشی مووشەکیی و درۆن کراوەتە ئامانج زیانەکانی ماددی و گیانی بوون، دواین هێرشیش لە رۆژی ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥ بوو کە لەڕووی زیانی ماددییەوە بە گەورەترین هێرش دادەنرێت، بە نزیکەیی ٨٠٪ی بەرهەمهێنانی کارەبای هەرێمی کوردستان بەوهۆیەوە لەکارکەوت، پاشان کۆمپانای دانا گاز توانی سەرجەم وێستگەکان چاک بکاتەوە و دۆخی کارەبا ئاسایی بوویەوە. لە زۆرینەی هێرشەکاندا ئەگەرچی بە راستەوخۆ ناوی ئەو گرووپ و لایەنانە نابرێت کە دەستیان تێیدا هەبووە، بەڵام حکومەتی هەرێم بە ناراستەوخۆ پەنجەی تۆمەت بۆ گرووپە چەکدارە شیعەکان و بەتایبەتیش ئەو گرووپانەی ئەجێندای ئێران جێبەجێدەکەن، درێژدەکات. ئەمە هاوکاتە لەگەڵ نیازەکانی کۆمپانیای دانە گازی گەورە وەبەرهێنەر لە کێڵگەکەدا کە تەنها دانە گاز و کۆمپانیای هیلالی ئیماراتی ٧٠٪ی پشکەکانیان بەردەکەوێت، سێ کۆمپانیای تری نەمساوی، هەنگاری و ئەڵمانی ١٠٪ی پشکەکانیان هەیە، ئەم هێرشانە هاوکاتە لەگەڵ خواست و نیازی دانە گاز بۆ فراوانکردنی وەبەرهێنانی گاز، لەم هەنگاوەشدا گەورەترین زەرەرمەند وڵاتی ئێرانە.

ئێران بە خانەخوێی دابینکردنی گاز بۆ عێراق دادەنرێت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، لە ئەگەری فراوانکردنی کێڵگەی کۆرمۆر و هەناردەکردنی بۆ عێراق، ئێران ناتوانێت گازەکەی بە عێراق بفرۆشێت، هەر ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵەکانی فراوانکردنی کێڵگەکە، لەپاڵ ئەمەشدا سەرجەم ئەو کۆمپانیایانەی لە کۆرمۆردا کاردەکەن سەربە ئەو وڵاتانەن کە ئێران بە رکابەری خۆی دایاندەنێت. شارەزایانی ئەمنیی عێراقی پێیانوایە، لێکۆڵینەوەکان رۆتینن و لەبارەیەوە غالب ئەلدەعیمی، دەڵێت، "پێشتریش لێکۆڵینەوە لەبارەی هێرشەکانەوە کراون بەڵام رانەگەیەندراون"، زیاتر دەڵێت، "ئەمریکا لەرێگەی مانگە دەستکردەکانییەوە توانای شوێندۆزینەوەی بەهێزی هەیە، بەڵام ئەنجامەکان راناگەیەنن چونکە ئەنجامەکان مەترسیدارن، یەکەم بۆچوون کە لای عێراقییەکان دروست دەبێت سەبارەت بە هێرشەکان تۆمەتبارکردنی گرووپە چەکدارەکانن، بەڵام هیچ ئەنجامێکیش ئاشکرا ناکرێت".

فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق باسی لەوەکرد کە ئەنجامی هێرشەکانی پێشوو بە ناوی کەس و گرووپی ئەنجامدەرەوە لای حکومەتی عێراقن، بەڵام بەداخەوە ئاشکرا نەکراون، لەکاتێکدا ئەگەر ئەوانە ئاشکرا بکرانایە ئەم هێرشەی دوایی روونەدەدا. هەر لەو چوارچێوەیەدا و پاش دەستپێکردنی جەنگی نێوان ئەمریکا-ئیسرائیل و ئێران، جارێکی دیکە کۆرمۆر گرفتی بۆ دروست بوو. راستەوخۆ کارەبای هەرێمی کوردستان کەمی کردوو حکومەتیش ئاشکرای کرد، بەهۆی وەستانی کاری کۆمپانیاکان و بەتایبەت کۆمپانیای دانا گاز، ناتوانن کارەبای ٢٤ کاتژمێری دابین بکەن. بۆیە دەردەکەوێت گرنگی ستراتیژی کۆرمۆر بۆ هەرێمی کوردستان یەکجار زۆرە، لەداهاتوودا هەر ئەگەرێکی نەخوازراوی ئەمنی گرفتی راستەقینە بۆ کارەباو وزەی هەرێم دروست دەکات، بەو هۆیەوە پێش ئەوەی بیر لە پرسی هەناردە کردنی گازی هەرێم بۆ دەرەوە بکرێتەوە، دەبێت ئەو پرسە ئەمنی و تەکنیکیانە بەتەواوەتی چارەسەر بکرێن.

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq